# ئەو دەمەی مرۆڤ دەبێتە سەگێکی بێ سۆز....و...سەگیش مرۆڤێکی بەسۆز

کاوە حسێن
kawahussen@yahoo.com



لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیاو سەرمایەداری وجەنجاڵیەی ژیاندا, بەجۆرێك بەهاو ماناکانی مرۆڤایەتی تە مو مژاوی بوون,مرۆڤ گومان لەبوونی خۆشی دەکات, زۆرجار بەگومان ئەبین لەژیان و مردن ,چونکە ئەودەمەی ژیان بێلەزەت دەبێ ,مرۆڤایەتیش بێمانا دەبێ.

دەبێ ئەوەش باش بزانین ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمەی مرۆڤایەتی بەناوی پێشکەوتنەوە شانازی پێوە دەکەین,هیچی کەمتر نیە لەودواکەوتووەیەی کە شەرم داماندەگرێت باسی بکەین.

بۆیە پێم باشە ئێستا لەوە زیاتر لەو نێونیشانەی سەرەوە دوور نەکەومەوە بێمە سەر شیکارو باس کردنی ئەو سەر ووتارەی کە مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم.

بۆچی ئەمەوێ بڵێم سەگ بەسۆزترین مرۆڤ و مرۆڤیش سەگێکی بێویژدان.ئەستەمە بڕوای خوێنەر بێنیت بەوەی کە بڕوایان لا درووست ئەمە ئەمڕۆ بۆتە واقیع ,چونکە ئێمە بەدەرنین لەم کۆمەڵگایە دیارە ئەم کۆمەڵگایەش بۆهەمیشە سەگی بەدرەندەترین ئاژەڵ ناوبردووە ,بەلاّم هەڵەین کە وانیە.

ئەوەتا سەگێك تەنیا بەهۆیبۆن کردنی ترۆمبیلەکانەوە دەزانێچیلەنێو ئەوترۆمبیلانەدایەکە مادەیەکی زیان بەخشیش بەدیدەکات ئیدی دەیکات بەهات وهاوارێك بەجۆرێك بەهیچ ڕەشوەیەکیش کپ نابێتەوە.کەنیو هێندەی ئەوتەماحە بخرێتەبەردەستی مرۆڤێکی بێویژدان لە لەحزەیەکدا ژیانی شارێکت بۆتەواو دەکات .

ئیدی مرۆڤایەتی و سەگ کامیان میهرەبانترن؟ئەوەتا مرۆڤێك بەهەموو عەشقێکەوە هاورێتەو بەیەکەوە دەخۆن و دەخۆنەوە دەشخەون و تەنانەت زۆرجار پارەی نێوگیرفانەکانیشیان لەگەڵ یەکتردا بەشدەکەن,کەچی لەحزەیەك ئەومرۆڤە دەگۆڕێو بۆتەماحێکی کەمێك لەوەزیاترئامادەی لەنێوبردنی ئەومرۆڤەی هاورێی هەیە.

کەچی ئەگەر سەگێکی بەڕێزو باش لەکاتێك وجێگەیەك و لەحزەیەکدا پارچەیەك نان وزیاترنای بەیتێ ئیدی تا تەمەن مابێت ئەو پیاوەتیەی بەڕێزتی لەپێش چاوەو لە هەر کوچەو کۆلاّن و جێگەیەکدا تووشی دەبی کلکت بۆ بادەدات و دەتناسێتەوە وەك ئەوەی بڵێی خۆی بەشەرمەزارت بزانێت و باشیەکەتی لەپێش چاوبێت,خۆی لەخۆیدا ئەوە جوانترین نیگای خۆشەویستی یە کە لەو لەحزەیەدا ئەو سەگە جوانە لە بەرامبەر نیگای پر لە درۆی ئێمەیمرۆڤەکاندا دەیگۆڕێتەوە ,بەلاّم هێشتا ئێمەی مرۆڤ هێندە خاوەنی هەست وسۆزێکی ئەوتۆ نین بتوانین لەو نیگای خۆشەویتی و موحیبەتەی سەگ تێبگەین.

بۆیە ناهەقم مەگرن کەبڵێم:

سەگ بەسۆزترین مرۆڤە و مرۆڤیش سەگێکی بێسۆز